# مامزێک لە ئاو

شیعر

نەجیبە ئەحمەد



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# مامزێک لە ئاو

## شیعر

## نەجیبە ئەحمەد



ناوی کتێب: مامزێک لە ئاو
شیعر: نەجیبە ئەحمەد
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە:  ٣٦٣
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم ، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

تێکڕای ئەم شیعرانە پێشکەشە بە
هاوڕێی زانکۆ و پێشمەرگایەتی و ئاوارەییم

**شەونم عەبدولعزیز**

ئەو شاعیرەی سادە ژیا و سادە مرد

## وەنەوشەی ئاوی

جەژنی قوربانە
چەقۆکەی سەر ملی ئیسماعیل
قەسدی سەری منی هەیە
ئەمشەو
بێ فریادڕەس
ڕەنگە لە کۆشی دایکمدا
بگیرسێتەوە سەرم ئەمشەو
ڕەنگیشە تا قامی قیامەت
هەروا هەڵوەدا لە مابەینی
زەوی و ئاسماندا
بەنووکی نێزەی خەونێکەوە
بخولێتەوە
سەرم ئەمشەو

***



لە باجی کام عەشقدا
خەونێکی پەمەیی ئەدایە بەر چەقۆ
ئیبراهیم
من عومرم جن جن کرد
لە جەژنی قوربانیی عەشقێکدا
سەیرمکەن
چ سەرگەردانە سەرم
ئەمشەو

***

بەتووناوتوونیی ڕۆژگاردا گوزەرا
تەمەن
لە بەندیخانەی وشەیەکدا هاتە خەمڵین
و
ڕەوان بەسەر زماندا هاتوچوو
ژیان
من خەونەکانم لە گرەودا دانابوو
ئاخ بۆ خەونەکانم

***



تەسک و تاریکە
ئێستاکە دڵم
بانگێکم لێکە

***

لوورەی گڕە دێ
تۆفانی ئاگر هەڵیکردووە
پەنجەرە و دیوار لێک جیابوونەوە...
من...
و...
ئاوێنە

***



تۆ کە هاوسەفەری مانگی
ئاخری شەوێک لە شەوان
ڕێت ئەکەوێتە
گوزەری تاریکی خەونم
سەر لە زوڵمەتی بانیژەی ڕۆحم ئەدەیت
دڵنیام
من بەخۆشی ئەو شەوەوە
ئەچمە پێشوازی شەوان

***

لەودیو وێنەکانی ناو ئەلبوومەکەمەوە
کە خەریکن زەرد هەڵئەگەڕێن
لەودیو وشەی ماڵئاواییییەوە
چەترێک هەڵئەدەم
قەترانی
بۆ تەنیایی ئاوێنەکەم

***



لەودیو هەناسەی شەپۆڵ و
هەنگاوەکانی ئێوەوە
وشەی ماڵئاوایی چەند جار
دەستی بۆ ڕاتەکاندم و
من خەوتبووم
من ماندوو بووم
ئێوە ئاگاتان لە چییە؟

***

هەنووکە
تەمەنێکی ترم ئەوێ
تا بتوانم ئەو گوڵزاری
یادگارانەی
لە ئامێزیاندا خەوتبووم
لە ڕۆحمیان جیا بکەمەوە
ئێوە ئاگاتان لە چییە؟
شەوانە... یان خەو بەتەنیاییەوە ئەبینم
یان لەگەڵ شیعرەکاندا
تەنیایی لێک ئەدەینەوە

***



تاریکان چڵە خەزانێ
دێتە میوانیم
لە ژوورەکەمدا
پاڵ ئەداتەوە
دەستی ساردی یەکتر ئەگوشین
چاو لە چاوی یەک ئەبڕین
بەرەبەیان کە ئەڕواتەوە
لەتێ شیعر
لەتێ بێدەنگی
دەبا

***

پاییزم نووقمی خەزان
بەرامەی خەونەکانمیان گرتووە
بێدەمارترین گەڵای ڕژاو
تا هەناسەی کوڕەکەم
تا گەچبوڕی سەر دیوارەکانی ژوورەکەم
تا وێنەی برا کۆچ کردووەکەم

***



خاکی گوڵدانی پیرە دەروونم
چەندە بەپیت و بەیارە
ڕیشاڵە زامێ
چەنای چەند ساڵە
بێدەنگ لە ناویا ڕەگاژۆ دەکات

***

خۆزگە پاییز خۆی ئەیزانی
چەند شۆخ و شەنگ و نازدارە
بەسەر سنگی شیعرێکەوە

***



من و ئەستێرە و
بانیژە و شیعر
هەموو ڕچیوین

***

لەگەڵ دایکمدا
پێکەوە دەچووینە بەر ئاوێنەیەک
ئەو دوو سێ چڵە یاسی
زەرد و سپی
دەکرد بەنێوان کڵاو و سەر و پێچەکەیدا
سێوێکیشی بەمن دەدا
ئێستا نە دایکم و نە یاسە زەرد و سپییەکە و
نە کڵاو و سەر و پێچ
ئێستا من و درزی دڵی ئاوێنەکە و
سێوێکی سیس هەڵگەڕاو

***



دەترسێم
ئەگەر دەست بەباڵای پەنجەرەدا دەهێنم
چاو لە چاوی بانیژە دەکەم
دەرگا لە پۆستچی دەکەمەوە
سەگێک دەوەڕێ
دەترسێم(*)
کە وەسێتنامەکەی نەجدی
دەخوێنمەوە

---

(*) مەبەست لە بیژەنی نەجدی شاعیر و چیرۆکنووسی فارسە.

***

لە دەروونی دڵۆپەی بارانی نوێوە
قەڵای ڕۆحی وشە فەتح ئەکەم
مەملەکەتێکی تری ڕستە بنیات ئەنێم
کراسێکی ئاوریشمی تر بەباڵای شیعر ئەبڕم
هۆ و عاشقانی سەوزە گیا

***



بۆ ناو داڵانی پڕ غەوغای شەپۆل
بۆچی خۆت ئەکوتی
دیارە تۆش لە دابڕان
زەندەقت چووە
شیعر

***

لە نێوان خۆڵەمێشی ئاگردانەکەی ماڵە باوان و
سیمورغی خەونەکانی تۆدا
سروودێکم هەڵواسراو
هەر تەنیا لێوێکم ئەوێ من
بۆ خوێندن
گوێچکەیەک
بۆ بیستن

***



تۆ بڕیارت دا سەفەرێک بکەین
خواستی من نەبوو
تۆ بڕیارت دا
دەست لە ناو دەستی کازیوە
بارگەمان لێکنا
چ سەفەرێکی تاڵ و بێ تام بوو
خواستی من نەبوو
دەمەونیوەڕۆ
هەڵبزڕکاو لەگەڵ خۆردا
کایەمان بەڕۆژ و
بەخۆمان و
بەبارگە دەکرد
ماڵ ماڵێنمان کرد
هاتم تێبگەم
ئێوارە داهات
کایە تەواو بوو
تۆ بڕیارت دا
ئای لەم سەفەرە
تاڵ و بێ تامە

***

لە شیرینی ئەو خەوانەی
تۆی تیا ئەبینم
پێڵوەکانم لێک هەڵنایەن
سەروەرم

***



ڕووت و قووت لە بەرئاوێنەی خوادا
شۆڕەبی زیکر ئەکات
بێ سرتە و گۆرانی هەڵدەکشێن
باڵندە و هەورەکان بەرەو کۆچ

***

بەم زستانە کە هاتی
بێ پاڵتۆ... بێ کڵاو
بێ مل پێچ... بێ چەکمە و بێ چەتر
زریکە و لەرزین و ڕچینت بۆ هێنام
زستانت بۆ هێنام
کە هاتی
گەروو بووی
زیلتر بووی لە زیل
بەمتر بووی لە بەم
هەواڵت بۆ هێنام
هەواڵ بووی
سامناکتر لە ڕۆژی تێشکان
خەمناکتر لە ساتی لەبارچوونی شیعر
ئاڵۆزتر لە سیمای پزیشکێ
کە لە نیگای چاوەڕوان دەڕوانی و
بەکزی پێی دەڵێ
«بەداخەوە»

***



بووکە بەردینە شەوێ
چووە خەوی پەیکەرناس و
ڕاز و تەلیسمی خۆی شکاند:
ڕاستت دەوێ
خۆشم هێشتا لەوە ناگەم
بەردم یاخود ئێسک و پرووسک
کچە شا بووم
ڕسوایی عەشق، سەردەمانێ
هەڵیدامە دوورگەیەکی دوورە دەستی
یەکجار تەریک
لەوێ دڵم هەتا ئەهات
تەسک و تەسکتر ئەبووەوە
تەمەننام کرد لە کوچک و کولۆبی شارەکەم
دوو بەرد ببێ بەنسیبم
ڕۆژی دواتر دوو بەردیان بەست بەکۆڵمەوە

***

کە تۆ هێشتا نەهاتبووی
بەیان تەمێکی سپی بوو
بەبەر دییەی ئاسمانەوە
قەتار پەلکی دەروێشێکی سەرگەردان بوو
بەدەم ناڵەی ڕەشەباوە
تۆ لە هەر سەرزەمینێکەوە هاتبێتی
ئازیزەکەم
ئەفسوون و سیحرت هێنابوو
بەرەبەیانت تکاندە ناو دڵی گوڵ و
قەتارت لە خاکدا ڕواند
تۆ شیعر بووی

***



لەم ژوورە سێ لە چوارەدا
جاڵجاڵۆکە ناو دەرگا و سەر دەرگا و
لە گشت لا ماڵی خۆی تەنیوە
لەم ژوورە سێ لە چوارەدا
بێشکەی خەون ئەجمێنم
ساڵهایە باڵای مەرگ ئەلاوێنم
کێ ئەزانێ لەودیو پەنجەرە و دوودەرییەوە
چی ڕووئەدات؟
بەڵام ئەزانم
پەیژەیەک
لە حەوشە تا سەربان خۆی هەڵواسیوە
ڕەنگە لە سەربانیشەوە تا لای خوا
کێ ئەزانێ چەند پلەی تا لای خوا
کرمۆڵ و ڕزیو بن؟... نازانم
بەڵام ئەزانم
ڕۆژانە چەند پەری و جنۆکە
چەند کچی شیعرینی باڵا بەرز
بەسینییە شیعرەوە خوارژوور ئەکەن و
تا لای خوا ناوەستن

***

من ئەڵێم بەرەبەیانێ
تەونی جاڵجاڵۆکە ئەدڕێ
پەنجەرە و دوودەری تاقباز
پەری و جنۆکە دیار نابن
تۆ دێیت

***



من ئەڵێم
گەر تۆ نەیەیت
من چۆن باسی ئەم ژوورە
سێ لە چوارەکەم

***

که بیری هەناسەکانت ئەکەم
لە ناسکە تەمی دەوری باڵای دارسێوەکەی
حەوشەمان
خۆم هەڵئەکێشم
دایە

***



بۆ ئەوەی ببم بەتۆ
بەنمەی چاوی گەڵایەکی پاییزیەوە
بمبارێنە
بمبارێنە و ئاوێزانی
تەنیاییم کە

***

چاوەڕێم دەرکەوی
ئەی سادەترین یار و یاوەرم... دەمێکە
وریابە کە هاتی
لەم شارە جەنجاڵ و غەوغا زەدەیەی ئێمەدا
ون نەبی
ئەترسم ئەدرەس و نیشانی ماڵەکەم
گوم بکەی
لەم شارە بێ موحیبەت و پڕ لە ئاشووبەدا
بەتەنیا گەڕەکەکەی ئێمە بێ چرا و
کۆڵانی خاکییە
هەر تەنیا ماڵی من لەو کۆڵانە خاکییەدا
دەرگاکەی تەنەکە و
پەنجەرە و ڕۆچنەی هەر
نییە
کە هاتی لە ڕۆحم ئەو نیوەی
کە زیندوو و بەجۆشە بۆ تۆیە



لە چاوم ئەوەیان کە ساغە و بینایی تیا ماوە
لە خوێنم ئەو بەشەی هێشتاکە بەمیکرۆب
ئالوودە نەبووە
دڵیشم بەچەقۆتێیکەوە
هەر لایەک ڕۆشنایی تیا مابوو
بۆ جێگە و مەسکەنیی تۆی یاوەر
گەر هاتی من نانت لەگەڵدا بەش ئەکەم
من خوێنت لەگەڵدا بەش ئەکەم
ژیانم ئەوەندەی ڕووناکی تیا مابێ بەشی ئەکەم
هەر وەرە

***

هەر لە کێشی من و دارستانە
باری ڕچین و بەستەڵەک
لە ئامێزنان

***



لە شاری خەونی من ئەچێ
دڵی پڕ درزی ئاوێنە

***

گۆڕەپانی دووگۆڵییە جارێ
ئەم سەرە پڕ لە ئاشووبەی من
سەهۆڵبەندانی عەدەم
جارێکی تر

***



هەردووکمان
زەریای عەشقمان هەڵبژارد
بۆ مردن
من قووڵایی ئەو زەریایە
تۆ لە تانکاوا مردی
لەیلا وتی

***

ڕابوێرە من تەنیا جارێ
بەدڵتدا
تا دڵی شێرت بێ
عەشق وتی

***



لە ئاوێنە و بووکەشووشە
بووکەشووشەکەت هەڵبژارد
چۆن دڵت هات
ئاوێنەشت وردوخاش کرد

***

بێقەرار

لە بوون و نەبوونم

لە ڕاستی و لە خەیاڵ

بێقەرار

ماڵێکی پووشینم لە دەم با دروستکرد

خەونێکی ڕەنگینم

لە بێشکەی حەسرەتدا گەورە کرد

***



من بۆ تۆ باسی ئاوێنە ئەکەم

بۆ تۆ ئازیزم

تۆ ئەڵێی نەخشی دیواری

***

چرچێکی تر لە پێڵوما
ڕۆشنایی و بریسکەی لە چاوم دزیوە
چەند تاڵی سپی تر لە قژم
بیناقاقای ڕۆژگارمی گرتووە
کات تەنگە... مەودا کەم
ناگەمە سێوە لاسوورەی خەونەکان
لەم مەودا کورتەدا هەر هەڵدێم...
چەند هەڵبێم...؟
خەونەکان وەک دڵم
ناوێرم قەت دەستیان بۆ بەرم
ئەپڕوکێن
ناوێرم هەر لێکیان بەمەوە
ناسکن وەک باڵی پەپوولە... پەڕەی گوڵ

***



تۆ جوانیی درەختت پێ جوانە
کاتی شکۆفە
من بیرە بیرەی پاییزانەی
لە کاتی زیکرا

***

ئەوسا نە لە عەشق ئەگەیشتم و
نە لە خۆشەویستی وڵات
بەڵام کە دایکم بستێک دوور ئەکەوتەوە
چاوم بەدوادا ئەگێڕا
لێوم هەڵئەقورچاند
ئەمزریکاند
ئەوسا وڵاتێکم بوو
بەئەندازەی خەونە زەرد و سوورەکانم
بەئەندازەی باوەشی دایکم و،
ئاسمانی بێشکەکەم
ئێستا لە کوێیە
وڵاتە پاکیزە و خشپیلانەکەم؟

***



سیحری جوانیی درەخت لەوەدایە
لە ناو ڕیشاڵ و دەزوولەی ڕەگ و ڕیشە و،
پێچ و لوولی ڕۆحیشیدا
بێدەنگ ڕازی عەشق ئەلاوێنێ
هەیهات بۆ ڕەشەبا
هەمیشە لێی نائومێدم

***

**زەردەپەڕێکی نارنجی**
**ڕێژەنەی لاوک و حەیرانێک**
**گوێزی کەللەت هەڵئەپێچێ و**
**دیواری پانچا شەق ئەبات**
**ناو جانتاکەم پڕ ئەبێ لە بۆنی،**
**گژوگیای ڕەشداگەڕاوی گوندەکەم**
**گژوگیایەک ماراجینماش(*) ناویان نازانێ**

(*) ماراجینما: ناوی قارەمانی چیرۆکێکی بیژەنی نەجدییە.

***



**فاڵی حافزم گرتەوە**
**ڕۆژێ کە درۆت لەگەڵ کردم**
**فەرمووی:**
**سەرگەردانی سەودای خۆت بە**
**لە تۆ ئەو مەیدانە فارغ و چۆڵە**

***

**لە نەوازشی من چۆڵە دەسکی پەنجەرە**
**پەڵەیەک هەوری لاکێشەیی نیلی**
**خۆی لە چوارچێوەی تاکێکی پەنجەرەکەم**
**گیر کردووە**

***



**من عەشقم بۆ زەلیل بوون و**
**چوونە ژێر باڵ وا**
**جووتبوون نەویست گیانەکەم**
**من ویستم دوو باڵندە بین**
**لە باخێکدا**
**هەردووکمان بۆ عەشق بخوێنین**
بەڵام هەرکەس
**بەزمان و ئاوازی خۆی**

***

## «؟»

بۆ کۆچی ناوادەی کاک
عەتا –ی بەرفی

تەقە تەق
دوگمەکان
مژۆڵی پیتەکان دەپێون
تەقە تەق
دوگمەکان
بەکێڵگەی عەشقێنی ڕستەدا تێپەڕین:
– پەنجەکان دەترسێن
– مانگ بەسەر بانیژەی ئێمەوە
وشک دەبێ
– گوڵجاڕی ئەستێرە گڕ دەگرێ
تەقە تەق
دوگمەکان
چڵە چڵە یاس دەچنن
لە دەوری وشەی «کۆچ»

***



سەردەستی پەریان
پڕ پڕن لە وردە چرپەی شیعر
تۆ کامییان هەڵئەبژێری
بۆ باڵای غەزەلێک؟(*)

(*) غەزەل: ناوی کچی کاک عەتا –یە.

***

# شەرم

بۆ یادی هاوڕێی جوانەمەرگم
کاک مارف –ی ئاغای شاعیر

دێیتە بەردەرگای ماڵی شیعرێکم
بەشەرمەوە دێیت
هەروەکو جاران
لەگەڵ یاردا دێیت
بەچەند دڵۆپەی شەونمی شیعر و
بەستەیەک نوقڵی «بیدمشک»ەوە(*) دێیت
بەشەرمەوە دێیت
نیگای شەرمنی بووکی یەک شەوەی ناو
چیرۆکێک و
چنگێ گێلاسی سپی لای شنۆت
کردووەتە دیاری
لای دایکتەوە دێیت

---

(*) بیدمشک: جۆرە نوقڵێکە.

***



کە چوویتە سەردانی دایکت
لە ناو دەرگای ژوورەکەی و
لە بەرامبەریدا قیت وەستای
تۆ درەختە شیعرێک بوویت و،
ئەو وەک داخورپای وابوو
یان خەوی بەتۆوە دیبوو
یان دڵی خەبەری پێدا بوو
ئەو هێز لە چۆکی بڕابوو
لێوە لەرێ ویردی ئەخوێند
فووی بەباڵای تۆدا ئەکرد
تۆ ئەمجارە بەو ئاکارەی پێنەکەنیت
نیگات لە نیگای توند کرد و
لە ژێر لێوەوە هەروەک ئەو ورتە ورتێکت
دەست پێ کرد:
ماڵوێران سبەینێ چیئەکەیت؟
لە تەمی کام خەمم وەرئەپێچی و
لە باڵەخانەی کام زامدا حەشارم ئەدەی
سبەینێ هەناسە ساردەکەت
لە دەوری تابووتم ئەچەرخێ

سبەینێ
نا لە سەبینییەوە تا ابد
هاوسەرەکەم شەڵاڵی تیشکێکە
لە هەتاوی زامەوە ئەرژێتە ژوورەکەی
سبەینێ سەرپاکی ژوورەکەی
تیشکەزام ئەیتەنێ و
نازانێ لەبەر چراخانی کامیاندا
دێرێکی تۆکمە و جوان
بۆ کێی کۆڕەکەم بنووسێ
سبەینێ
بەچەپکێ تەنیایی و حەسرەت و شەرمەوە
پێم ئەڵێ:
مارف گیان
کە تۆ خۆت سەرتۆپی زامان بی و
ئەفسانەیەکی دەگمەن و ناوازەی
مردن و ژیان بی
ئیتر من کامە مەرگ بەمەرگت
هاوتا کەم و
دێرێکی پڕ مانا بۆ کێلی گۆڕەکەت
تۆمارکەم...

***



دێیتە بەردەرگای ماڵی شیعرێکم
بەشەرمەوە دێیت
کچۆڵە شیعرێکی وردی کاڵ و کرچ
دێتە پێشوازت
من خەجاڵەتم.

***

# بۆ یادی خۆم

ئەم پەنجەرەیەم پڕە لە ئاوازی جێهێشتن
لەڕەنگی ماچ
لە نازی گوڵە نازنازەکان
لە هەنسکی دەیان چیـــرۆکی
ناتەواو
درزەکانی دیواری ژوورەکەم
ئەبڵەق ئەبڵەق ئەڕواننە
پەروانە خەمبارەکانی باخچە
ئاخ لەم پەروانە خەمبار و تووڕە و
دڵ بەحەسرەتانە...
ئاخۆ دوای من کێ بێتە بەر پەنجەرەکەم و
کۆشی پڕکات لە ئاوازی جێهێشتن
لە ڕەنگی ماچ
لە نازی گوڵە نازنازەکان
لە بۆنی تەنیایی



خانم... خانم
ئەم پەنجەرەیەم بەتۆ ئەسپێرم
پەڵە پەڵە خەنەی پەنجە
هەناسەیەک لە هەور و
نەردەکان
بەتۆ ئەسپێرم خانم
کۆشت پڕکە لە گەردیلەی جێهێشتن و
لای لایەی گوڵە مێخەک
لە مشتێ ڕازی نەدرکاو
کۆشت پڕکە لە ڕەنگ و بۆنی ئەو ماچانەی
بەرەبەیانێک
لە ناو پێخەفەکەمدا بەجێ ئەمێنن
لە نیگای ئاشوفتەی ئەو گوڵەبەڕۆژە
دەستکردەی
لە ژوورەکەمدا
وەیلانی هەتاوێکی گومە
لە فرمێسکی ئەو شیعرانەی
بەفرمێسکەوە لەبارچوون
لە گوڵ ئەستێرەی یاد

هۆشت بێ خانم
من گەرای هەزاران پەپوولەی ڕەنگینم
لە درز و قڵیشی نێوان کاشییەکانی
پەنجەرەکەمدا بەجێهێشتووە
ڕەنگە لە کازیوەیەکی تەماوی
یان
تاریکستانی شەوێکدا
هەموویان پێکەوە باڵ بگرن
ئەم پەنجەرەیەم خانم
پڕە لە شنەی خەڵفەچناری
ئەودیو دیواری حەوشەکەمان
پڕە لە داچۆڕانی ئەو دارتەلەی
بۆ هەمیشە گڵۆپەکەی خامۆشە
پڕە لە گلێنەی ڕەنگینی تۆ
وەک گلێنەی هەزار ڕەنگەی من
بەفرمێسک و
نازی گوڵە نازنازەکان
پەنجەرەکەم خانم



ئەمساڵ بێدەنگتر
ئاوێزانی خشپەی پایز دەبێ
بێدەنگتر دوا پەلکی لوول خواردووی
دارمێو و وردەگەڵای بەڵاڵوکەکان
دەلاوێنێ
بێدەنگتر دەستی سڕی
لە نێو دڵی زستان دەنێ
ئاخ بۆ پەنجەرەکەم
باڵای نەردەکانی هاوتای کێلی قەبرەکەمن
خۆشم ئەوێن

***

دێمەوە
نازانم لە کام نیوەی
کام سەدەیەدا دێمەوە
سەرێکت لێ هەڵئەهێنمەوە پیرە درەخت
وەکو ئەوسای دەستەکانم
لە گەردنی دایکمدا گرێیان ئەخوارد و
من پێوەی ئاوێزان ئەبووم
لە نێوقەدی تۆ دەهاڵێم و
ئمە ئمە، هەناسەسوار
پرسیار بەلاشانی گەڵاکانتا تێئەپەڕن:
ئاسمان لە کوێوە دەست پێئەکات و
مەرز و سنووری تا کوێیە؟
گوند و وڵات و شارانی
بەچی لێک جیا ئەبنەوە



کەڵەکە بەرد یان فرمێسکی فریشتەکان؟
باڵندە تا کوێ ئەفڕێ؟
درەخت چەند جار لە پاییزا
بەرگ ئەدڕێ؟
چەند جار ئەگری؟
چەند جار ڕووت ڕووت
لەبەر باڵای ڕەشەبادا
دائەچێت و دەست بۆ
ڕۆژێکی باراناوی هەڵئەبڕێ؟
کە دێمەوە، نازانم کەی
هەتاو لەسەر کورسییەکی دارین دانیشتووە
پەلکی سپی بەرداوەتەوە
لە پشت لاکێشی ئەستووری
چاویلکەی تەماوییەوە
شەختەبەندی نیگاکانی
بەباڵای زیوینی تەممووزێک و
خەونی گوڵەبەڕۆژەکەیدا
تێئەپەڕن

***

نەعنا و ڕەیحانەی بەگۆرانییەوە ئەفرۆشت
مامەپیرەیەک
پەڕەسێلکە قژی دارگوێزەکەی حەوشەی
پڕ ئەکرد لە قرموقاڵی
گوێزەبانە و خەنەبەندان
من کۆشم ئەگرتەوە
بۆ عەتری گۆرانی و گوێزەبانە و
پەنجەم ئەکرد بەخەنەدا
بەلاسکی باریکی نەعنا و ڕەیحانەدا
بەدەسکی دەرگا و
قورگی باڵندەدا
تێناپەڕێ چیتر ئاوازێ
کۆڵان چۆڵە لە شوێن پێیەکی سەوز



من بانگیان ئەکەم
گەردیلەی گۆرانییەکی
ناو تەپوتۆزی کەلاوەیەک
کاسەکەلێکی قوپاوی
بن دەستی درەختێکی سەر و قژ هەڵکورزاو
بانگیان ئەکەم
لە دەرگای چاویلکەکەمەوە
وەرنەوە ناو ماڵی دیدەم
لە کوێن خەونە گومەکانم

***

# لە یادی ئەواندا

خودایە
تۆ یەکجار مانگت ئەگیرێ
ئاسمانت زوڵمەت ئەیتەنێ
بێچووە ئەستێرەی زیتەڵە
لە زەڵە زەڵ ئەکەون
قاقا و پێکەنین ئەتۆرێن
دەر و دیوار لە ئامێزی تاریکیدا
خەو ئەبینن
فریشتەکانی ناوماڵت چنگ ئەکوتن
بۆ سەر جێگا و نوێنی خەوتنیان ئەگەڕێن
خۆ شای پەرییان ڕەنگە ئەوسا
تووڕە و شەمزاو پشتت تێکا
دەست لەملانی شەوت نەبێ و
بڵێ من ئاوا هەڵناکەم



تۆبە خوایە
لێم ببوورە
من ئاوا باسی تۆ ئەکەم
ئاخر ئێمە
هێند مانگ و خۆرمان گیراوە
وردە دەماری ڕۆحیشمان
چین چین زوڵمەت دایپۆشیوە
زۆر دەمێکە دەست و پەنجە لەگەڵ
تاریکی و کارەساتدا نەرم ئەکەین
شەوان لەسەر جێگاکانمان
تا بەرەبەیان فرمێسکەکان ئەلاوێنین
ئێمە لە مانگ گیرانماندا
جووت جووت
شێرە تابووت ئەخەینە سەر نەڕەی
شانمان
چەند جار تابووتی بەتاڵمان
لە گوڵ گرت و لەجیاتی
خەڵفەچنارێک

لە خەون و حەز و ئارەزوو
بەرەو گۆڕ شۆڕ بکەینەوە
توورەکەیەک بەرەو ناو گۆڕ دائەگەڕێ
هەر مشتێ خۆڵ
یان ئەوەندەی لەپی دەستێک
پێستی پشتە سەر و قەفێ قژی حەشارداوە
تۆبە خوایە
ئەڵێن خەڵکیی مریشکێکی لێگوم ئەبێ
کوچە و کۆڵانان ئەگەڕێ
لە دەروجیران ئەپرسێ
تۆ لەو گشتە ئەستێرەیەی ناو باوەشت
گشت نا دنیایەک ئەستێرە
ئەستێرەیەکت دیار نەبێ
ئەچیتە سەر ڕێی کاکێشان
لە مانگ و خۆر هەڵئەپێچی
تا چەند سۆراخی هەڵئەگری
ئێمە جووت جووت
باوک و کوڕمان
ڕۆژی جەژن چوونە دەرێ و
دەست و قاچ و سەر و قژ و تاسە و
خەونیانمان
لێگوم بوو
ئێمە ڕێی کاکێشان ناگرین
لە دەروجیران ناپرسین
ئێمە لە ناو ڕیشاڵی باران و



سپێتی کلوی بەفردا
بۆ ترپەی پێ و هەڵمی هەناسە
ئەگەڕێین
ئێمە هەموومان پێکەوە
بووینەتە یەک تاقە چاو و
بەدەسکی دەرگا و نەردەی پەنجەرەوە
ڕواوین
ئێمە لەگەڵ پیت بەپیتی
وشەی چاوەڕوانیدا
ئێشک ئەگرین
ئێمە خۆمان چاوەڕوانین
ئێمە هەموومان گوێیەکین
سرتەیەک لە کۆڵانەوە بێ
پێکەوە بۆی ڕائەچڵەکین

٢٠٠٤

ئەم سێ شیعرەی بەرەو دوا دێن، لەو شیعرانەن کە لە سالانی سەرەتای شیعر وتنمدا لە دایکبوون، بەڵام لەبەر ئەوەی لە کاتی لە چاپدانی دوو کۆمەڵە شیعرەکەی پێشوومدا لە بەردەستدا نەبوون تێکەڵاوی ئەوان نەکراون و ئێستاکە بەر ئەم کۆمەڵە شیعرەم کەوتن، هیوادارم مێژووەکانیان لە بەرچاو بگیرێن.

## تۆ خوای عەشق و سووتانی

**فەرهەنگەکان ورد ورد گەڕام**
**دیوانی شاعیرەکانیش هەموو گەڕام...**
**وشە نەبوو نەبیسترابێ...**
**پیتەکانی ئاوازیان بۆ دانەنرابێ**
**بیکەم بەدیاری ئەمجارەم**
**ناوی تۆم کرد بەملوانکە و**
**بەسنگمەوە هەڵمواسی!**
**دوێنێ شەو بوو،**
**نەرمە چرپەی وشەکانت**
**ئەبارێنە گوێچکەی ناخی سپیمەوە**
**ئەزانم کێڵگە، پاش پەڵەی شیعر و چرپە**
**چۆن سەوز ئەبێ و چۆن باڵندە تیا ئەخوێنێ...**
**بۆیە هەموو ئەندامێکی ئەم دەروونەم**



**گوێچکەیەکە و گوێی لە دەنگتە...**
**هەر دوێنێش بوو**
**مناڵێکی خنجیلەی جوان**
**لەسەر تەختەی قوتابخانەیەکی ڕووتا،**
**وێنەی دەرگایەکی نەخشان**
**وتی ئەگەر ئەم دەرگایە بکەیتەوە**
**خوا ئەبینی!**
**پێی پێکەنیم**
**بەڵام کاتێ دەرگای دڵم خستە سەرپشت**
**چەپکێ گڕی مۆرم بینی**
**خوای عەشق و سووتانم بینی**
**خوای عەشق و سووتانم بینی**
**تۆم تیا بینی...**

***

**ئەی شاعیرە هێمنەکە**
**وەرە بەدەنگی دەنگمەوە**
**هەموو تاڵێکی ئەم قژەم**
**بوونەتە دارتەلی سپی**
**چرای دەنگتیان پیا هەڵواسە**
**تک تک خوێنم تێریان کات و**
**لە شەوانی ئەم شارەدا دابگیرسێن...!**

لە ژمارە ٤١١ ڕۆژنامەی هاوکاری
١٩٧٨/١/٣٠دا
بڵاوبووەتەوە

# بۆ ئاسمان

نە تیشکی کزی دارتەلیت
١ چاوی شەقام جێبهێڵێت
نە بەفری سەر چیاکانی
کۆشی لووتکە و لاپاڵەکان جێبهێڵێت
نە خوڕەی ماچی «سیروان»یت
لێوی ڕۆخ و تاشەبەردی دەربەندەکان جێبهێڵێت
تۆ هیچیان نیت و جێم دێڵیت
تۆ هەوری ئاوات و خەومیت
بۆ داناکەی!
داکە داکە و جێم مەهێڵە
دەروونی ئەم خاکە دێمە
تینووی ماچی لێوی هەور و شەستەی
بارانی بەهارە...
جێم مەهێڵە و پەیمان بدە



گەر ئەمجارە پەنام بردە
بەر پەڵەیەک هەوری سەوزت
تێر تێر بەسەرما بباریێ...
بۆ نازانی گریانی شەوانی ئێستام
هەر ڕەهێڵە و بارانی تۆ ئەیشواتەوە!؟
دە ئەی هەوری ئاواتی مۆر
بۆ ناباریت...!
داکە داکە و جێم مەهێڵە
جێم مەهێڵە و بیرت نەچێ
ئەگەر بەسەر منا باریت
هەتا تەواو گریانی شەوانم نەشۆیت
جێم نەهێڵیت!

لە ژمارە ٤٣٦ی ڕۆژنامەی هاوکاری
١٩٧٨/٨/٧دا
بڵاوبووەتەوە

## تەرزەی نەتواوەی شاری ئازار

بۆ برای شاعیرم ئەنوەر قادر

– دایە ئەوە
دەنگی سۆزی مەولەوییە
یاخود ژانی هاتنە دنیای پێغەمبەرە؟!
هاژەی شێتانەی سیروانە،
نالەی غەریبی نالییە
بەفرمێسکی وەکو یاقووت
گەڕەکە قوڕینەکانی «دەربەندیخان»
ئەکاتە نوور و چراخان؟!
– ڕۆڵە!... ئەوە
ئاوازێکی لانەوازە و دەرگای هەموو ئاوارەکان ئەکاتەوە
تەزینی شەوانی زستان
لە بیری مەل ئەباتەوە

***



ئێوارانێ، کوکوختییەک بەئاسمانی حەوشەماندا
تیژ تێپەڕی و گمەی ئەهات:
زریانێ هات
شۆڕەسوارە و شەپۆڵەکان لەبەر پێیدا کڕنۆش ئەبەن
برسییەکانی وڵاتەکەی لەجیاتی نان بەڕوو ئەخۆن
– ئای لەو سوارە سەرەڕۆیە!!
سواری ئەسپی سەرکەش بووە و
پشتی کردووەتە ڕۆژانێک...
تاڵ و ڕەش بوون... دوای هەورێکی ئاڵ کەوتووە و
لە ئاسمانی کیشوەرە تاریکەکاندا ئاوزەنگی خەم لێئەدات و
لەباتی پەلکەزێڕینە قژی ڕەشی هۆنراوەیەک
بەسەرشان و ملی سپی کێوەکاندا پەخش ئەکا
سەری شەیدای ئەکات بەژێر هەموو
چەپکە شارایەکی بێنازی وەرزێرەکاندا...
لەسەر سینەی سپی کچە بێرییەکی کەژنشینیش
ئەبێ بەمێخەکبەندێک و سەما ئەکات...

***

لەسەر شۆستەی زەردی شەقامی شاراندا
شاعیرێکی گەڕۆکم دی...
تەمی چاوی دڵدارانی گشت جیهانی
کردبووە ملە شیلانی ورد ورد و جوان
بۆ گەردنی کۆترە باریکەی گومەزی مزگەوتەکان...
هاوارم کرد... ئەی شاعیرە بزێوەکە!
ئەمجارەیان سەری گەرمی لانەوازیت
بەرەو کۆنگرەی کامە خەم هەڵگرتووە؟!
ئەمجارەیان هەر دەمۆمی پەنجەکانت
شەوەزەنگی کام دارستان ئەخنکێنێ؟!
شەوەزەنگی کام دارستان ئەخنکێنێ؟!

لە ڕۆژنامەی هاوکاری ٤٨٨-ی
ڕۆژی دووشەممەی ١٩٧٨/٨/٢٠دا
بڵاوبووەتەوە



# ناوەڕۆک


وەنەوشەی ئاوی...... 7
«؟»...... 55
شەرم...... 57
بۆ یادی خۆم...... 61
لە یادی ئەواندا...... 69
تۆ خوای عەشق و سووتانی...... 73
بۆ ئاسمان...... 75
تەرزەی نەتواوەی شاری ئازار...... 77